گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة ڕابرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5.Paper15

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 06/03/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 08/05/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# كاریگەری جۆری تاقیكردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستهێنان لەلای خوێندكارانی زانكۆ

**هەژار قادر ابراهیم**

hazhar.qadr@uor.edu.krd

بەشی باخچەی ساوایان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی كاریگەری جۆرەكانی تاقیكردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستهێنان لەلای خوێندكارانی زانكۆ، توێژەر دیزاینی توێژینەوەی نیمچە ئەزمونی بەكارهێناوە، كۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانكۆی ڕاپەڕین، نمونەی توێژینەوەكە بریتییە لە (٤٠) خوێندكار، بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراون، ئامرازی بەكارهاتو بریتییە لە تاقیكردنەوەی (پرسیاری بابەتی، پرسیاری وتاری) لە بابەتی پێوانەو هەڵسەنگاندن قۆناغی سێیەم، بە مەبەستی شیكردنەوەی داتاكان ئامرازی ئاماری بەكارهاتو لەم توێژینەوەیە بریتییە لە تاقیكردنەوەی (T.Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ و هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆنە، ئەنجامی توێژینەوەكە دەریخست، كە جۆری تاقیكردنەوەی (پرسیاری بابەتی، پرسیاری وتاری) كاریگەری نییە لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندكار، هەروەها دەركەوت گۆڕاوی (ڕەگەز) هیچ كاریگەریەكی نییە لەسەر ئاستی بەدەستهێنان بەپێی هەردو جۆری پرسیاری بابەتی و پرسیاری وتاری، لە كۆتاییدا بەپێی ئەنجامەكانی توێژینەوە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێك خراونەتەڕو.

**كلیلە وشە:** كاریگەریی، تاقیكردنەوەی وتاری، تاقیكردنەوەی بابەتی، تاقیكردنەوەی بەدەستهێنان.

**كێشەی توێژینەوە:** بەشێوەیەكی گشتی لە هەمو ئاستەكانی فێركردن بەردەوام لە ڕێگاكان و دیاریكردنی ئامانجی بە دەستهاتو گرفتە لەبەردەم فێركاران، ئەم گرفتە تەنها لە یەك لایەنەوە نییە، بەڵكو دو لایەنەیە هەمیشە خوێندكارانیش گرفتیان هەیە لەو شێوازی هەڵسەنگاندنەی بۆیان دەكرێت، لەبەرئەوە پەروەردەكاران

بەردەوام لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان تاوەکو لە گەورەترین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی پەروەردەی لە ٢٥ی ئایاری ٢٠٠٧ لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی هەڵسەنگاندن بەتایبەتی لە سیستەمی تاقیکردنەوە.

هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی دیاریکردنی ئاستی فێربون وەرگرتنی خوێندکاران بەگشتی، ئەوەی لە ئێستادا بەردەستە لە هەرێمی کوردستانی/ عێراق هەردو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی بەگشتی تاقیکردنەوەی نوسین بەتایبەتی هەردو جۆری (بابەتی و وتاری) بەکاردەهێنرێت.

هەروەها بە گەڕانەوە بۆ مێژوی پێوانە و هەڵسەنگاندن لە هەرێمی کوردستان بەردەوام ئەوە دەبینین، کە بۆچونی جیاواز هەبوە لەوەی کام جۆری تاقیکردنەوەی نوسین بەکاربهێنرێت لە (پرسیاری بابەتی و پرسیاری وتاری)، هەر ئەمەش وایکردوە کە بەردەوام گۆڕانکاری لە جۆری تاقیکردنەوەکاندا هەبوە بەفەرمی و نافەرمی، ئەم بۆچونە تەنها پەروەردکارانی هەرێم کوردستانی نەگرتۆتەوە، بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە زانستییەکان دەبینین بۆ هەر یەکێک لەم جۆرە پرسیارانە چەندین خاڵی بەهێز و لاواز نوسراوە، کە هەمو ئەمانە بە پشتبەستن بە بەڵگەی زانستی نوسراوە، ئەم بۆ چونە جیاوازە بۆتە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن کە چەند جارێک لە هەرێمی کوردستان جۆری پرسیاری تاقیکردنەوە بگۆڕدرێت و بەردەوام گازندەی خوێندکارانیش هەیە لەم بارەیەوە.

توێژەر بە پشتبەستن بە ئەزمونیی کارکردنی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەزمونی کارگێری لە لیژنەی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ و بەردەوامی گرفتی خوێندکاران لەگەڵ جۆری پرسیاری مامۆستا لە شێواز و جۆری پرسیار، هەستی بەبونی گرفتێک کردوە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی نیمچە ئەزمونی دەیەوێت بزانێت کام لە جۆری تاقیکردنەوە (پرسیاری بابەتی و پرسیاری وتاری) دەتوانێت باشتر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار دەربخات؟

**گرنگی توێژینەوە:** سەرەتاکانی گرنگیدان بە تاقیکردنەوەکان و باشترکردنی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکاران بەو پێیەی لە Deputy هاتوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1920، لە دوای ئەوە چەندین توێژینەوە ئەوەیان ڕونکردۆتەوە کە تاقیکردنەوەکان ئاستی خوێندکار بەرەو باشتر دەبەن لە پرۆسەی فێرکردن ( shirvani, 2009: 34).

خوێندکار بە یەکێک لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی فێرکردن دادەنرێت لە هەمو قۆناغەکانی خوێندن، هەڵسەنگاندن بەشێکی گرنگ لە چالاکی پرۆسەی خوێندن لە هەر قۆناغێک پێکدێنێت، یەکێک لەگرنگترین ئەو ئامرازانە کە

بۆ هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنرێت بریتییە لە تاقیکردنەوە لەسەر ئەو زانین و شارەزاییەی، کە خوێندکارەکان بەدەستیدەهێنن، هەروەک لە هەمو قۆناغەکانی خوێندن کاری پێدەکرێت، چونکە بە سەرچاوەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت، کە چەندین بڕیاری گرنگ لە بواری پەروەردەیی لەسەر بنیادنراوە ( Joshua, et al.2017:136).

تاقیکردنەوەکان لە بەربڵاوترین ئامرازی پێوانەکردنی ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکارانن، بە گەڕانەوە بۆ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی ڕویانداوە لە پرۆگرامی خوێندن و ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن، پێویستە لەسەر مامۆستا بەردەوام ستراتیژ و ڕێگای تاقیکردنەوەی خوێندکاریش بەرەوپێشەوە بەرێت تاوەکو هاوکار بێت بۆ پرۆسەی فێرکردن (الرمامنە و ئەوانیتر، ٢٠١٧: ٢).

تاقیکردنەوە بە کۆڵەکەیەکی گرنگ و بنچینەیی دادەنرێت لە پرۆسەی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی و لە کرداری وانەوتنەوە بەتایبەتی، مامۆستا لە هەر ئاستێکی پەروەردە وانەبڵێتەوە ناتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و دڵنیابێتەوە لەوەی فێربون ڕویداوە بەبێ ئەوەی زانیاری هەبێت لەسەر کارامەییە بنچینەییەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن بەگشتی و بەتایبەتی تاقیکردنەوەکان (البداینە، ٢٠١٥: ٤١١). لە کۆتایدا دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕبکەینەوە:

١- گرنگیدان بە گرنگترین هەنگاوی فێرکردنە کە تێیدا ئاستی وەرگر دیاریدەکرێت.

٢- گرنگیدانە بە تاقیکردنەوە بەپێی توانای توێژەر لە نوسینی کوردیدا یەکەم توێژینەوەی ئەزمونییە.

٣- گرنگیدان بە گرنگترین توێژی کۆمەڵگەیە کە گەنجان و نەوەی دوارۆژن.

**گریمانەکانی توێژینەوە:** جۆری تاقیکردنەوە (پرسیاری بابەتی، پرسیاری وتاری) کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار.

١- گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و شوێنی مانەوە) کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- زانینی کاریگەری جۆری تاقیکردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار لەلای خوێندکارانی زانکۆ.

٢- زانینی جیاوازی کاریگەری جۆری تاقیکردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار لەلای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری مرۆیی: خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.

سنوری جوگرافی: زانکۆی ڕاپەڕین

سنوری کات: ساڵی خویندنی ٢٠٢٢ ــ ٢٠٢٣

سنوری بابەت: هەڵسەنگانی جۆرەکانی تاقیکردنەوە.

## پێناسەی چەمکەکان

### یەکەم: تاقیکردنەوە

– ئامرازێکی ڕێکخراوە بۆ پێوانی توانایی خوێندکاران و دیاریکردنی ئاستی بەدەستهێنانی زانیاریی و کارامەیەکانیان لە بابەتێکی خوێندن کە پێشتر پێیاندراوە، کە ئەمەش لەڕێگەی وەڵامەکانیان لە چەند بڕگەیەکی داڕێژراو لە بابەتی خوێندراو(دعمس، ٢٠٠٨: ٦٥).

– ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن ئامادەدەکرێت بەڕێگایەکی ڕێکخراو بە چەند هەنگاوێکی، کە چەند ڕێکارێک بنچینەیی لەخۆدەگرێت، بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی بەدەستهێنانی خوێندکار بۆ توانا یان تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لە ڕێگەی وەڵامەکانیانەوە (الصرایرە، ٢٠١١: ٩).

– بریتییە لەو ڕێو شوێنە زانستییە ورد و ڕێکخراوەی، کە ئەنجام دەدرێت، تاوەکو بزانرێت تا چ ئاستێک خوێندکار سودی لەو زانستانە بینیوە کە پێیدراوە و تێیگەیشتوە، واتە خوێندکاری پێ هەڵدەسەنگێنرێت، دەرگایەکە، کە خوێندکاری بۆ گەیشتن بە ئاست و قۆناغێکی نوێ دەبێت پێیدا تێپەڕببێت (احمد و ئەونیتر، ٢٠٢٢: ٢٣).

### دوەم: پرسیاری بابەتی

– بریتییە لەو تاقیکردنەوانەی بە پرسیاری داخراو ناسراون، کە پێویستی بە وەڵامی کورت هەیە، خوێندکار دوای پێداچونەوە و تێگەیشتنیان و گەڕاندنەوەی زانیاریەکانی و ڕێکخستنی بۆ وەڵامدانەوەیان، یان ناسینەوەی چەمکێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵێک چەمک، یان تەواوکردنی ڕستەی ناتەواو، یان ڕێکخستنی زانیارییەکان (سلمە، ٢٠١٦: ٣٧).

### سێیەم: پرسیاری وتاری

– جۆرێکە لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان بەشێوەی نوسین کە مامۆستا کۆمەڵێک پرسیار لە خوێندکار دەکات و دوای لێدەکات کە وەڵامیان بداتەوە بە شێوەی نوسین وتارێک (الصرایرە، ٢٠١١: ٩).

### چوارەم: بەدەستهێنانی خوێندن

– بریتییە لەو ئەنجامەی خوێندکار بەدەستیهێناوە لە ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندن، یا ئەو کۆمەڵە ئەزمون و زانیارییەیە خوێندکار دەستیکەوتوە لە ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندن (العرنوسی و الحسناوی، ٢٠١٩: ٧٧)

– بریتییە لەو زانست و زانیاریانەی کە خوێندکار وەریگرتوە لە ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندن لەسەر هەر بابەتێکی خوێندن (شاهین، ٢٠١٤: ٢٠٥)

- پێناسەی تیۆری: بریتییە لە ڕێژەی وەرگرتنی خوێندکار لەو شارەزایی و زانستەی کە لە بابەتێکی دیاریکراو، پێوانەدەکرێت بەو نمرەیەی کە خوێندکار بە دەستی دەهێنێت لە تاقیکردنەوەی کە لە ناو کۆرسەکە ئەنجام دەدرێت (الزعانین، ٢٠٠٧: ١٢).

- پێناسەی ڕێکاریی: تێکڕای ئەو نمرەیەیە کە توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنێت لە ئەنجامی وڵامدانەوەی بڕگەکانی ئەو پێوەرەی کە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوە.

## دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### ٢-١- تاقیکردنەوە

هەمو شتێک لە ژیاندا پێوەرێکی دیاریکراوی هەیە، مەتر بۆ درێژی و کاتژمێر بۆ کات و گرام بۆ بارستایی، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەردەوام پەروەردکاران هەوڵدەدەن دڵنیابنەوە لە ڕادەی زانیاری وەرگرتنی خوێندکاران و ئاستی جێبەجێبونی ئامانجە دیاریکراوەکان، بۆ ئەم مەبەستە تاقیکردنەوە ئامرازێکی باوە بۆ بەکارهێنان، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە سەرەتایی بەکارهێنانی تاقیکردنەوە لە شارستانیەتی (سین)ی بوە هەروەکو (هارتوج) ئاماژە بەوە دەدات کە یەکەمجار سینییەکان تاقیکردنەوەیان بەکارهێناوە، هەروەها (بول متر) ئاماژە بەوە دەدات کە سیستەمی تاقیکردنەوە بۆ لایەنی کارگێڕی بەکارهاتوە بە نزیکەی (٦١٧پ.ز)، بەڵام لە شارستانیەتی یۆنانی لە (٥٠٠ پ.ز) تاقیکردنەوە دەرکەوتوە بۆ لایەنی جەستەیی و ژیری بەشێوەی کرداری بەکارهاتوە، بەڵام سەرهەڵدانی تاقیکردنەوەی نوسین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠٠ز) کە بۆ یەکەمجار لە زانکۆی (کامبرج) دواتر لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) لە بەریتانیا و دواتر لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵی (١٨٤٥) بەکارهاتوە (قوارح، ٢٠١٢: ١٠٩-١١١).

### ٢-١- ٢- جۆرەکانی تاقیکردنەوە

لە ڕاستیدا بۆ تاقیکردنەوکان دابەشکاری زۆر و جۆراوجۆری زۆرە هەیە، بەڵام دیارترینیان لە پرۆسەی پەروەردەی هەرێمی کوردستان نوسینە، کە دابەشدەبێت بۆ دو جۆر تاقیکردنەوەی (پرسیاری وتاری و پرسیاری بابەتی) ئەو تاقیکردنەوانەن کە بۆ پێوانی ئامانجی تایبەت بە وەرزێک و بابەتێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن بەواتای ئەوەی کە زانیاری دیاریکراو دەپێوێت و دیاریدەکات (مراد و سلیمان، ٢٠٢٠: ٤٤).

### ١- تاقیکردنەوەی وتاری:

ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بە چەندین ناو گوزارشتی لێدەکرێت لەوانە ڕاپۆرتی، گوتاری، داڕشتن باسکردن، تاقیکردنەوەی وەڵام درێژ..تاد، لە ڕاستییدا لە هەمو بارێکدا لەم جۆرە تاقیکردنەوەیەدا سەربەستییەکی تەواو دەدرێت بە خوێندکار بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و پەیوەستکردنی بیرۆکە و دەربڕینەکانی بەشێوەی

زنجیره لەسەر بابەتێکی دیاریکراو (عزیز، ٢٠١٩: ١٧٨)، (شێوازی ژماردنی سنوردار، شێوازی پرسیاری، شێوازی تەواوکردن) (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٧٤) باشییەکانی تاقیکردنەوەی وتاری ئەمانەن:

١- دانان و داڕشتنی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە زۆر ئاسانە، چونکە دەتوانیت ناونیشانی بابەتەکە بکرێت بە پرسیار.

٢- تاقیکردنەوەی وتاری بۆ ئەو خوێندکارانەی کە شڵەژانێکی دەرونیان هەیە (شەرمنی، خەمۆکی، گۆشەگیری) بەسودە، چونکە دەتوانێت لەڕێگەی نوسینەوە تواناکانی دەرببڕێت.

٣- توانای داڕشتن و کارامەییەکانی نوسین بەهێزدەکات (خاڵبەندی، ڕێنوس، جواننوسی).

٤- خوێندکار هاندەدات بۆ خوێندنەوەی دەرەکی و کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆر لە زۆرترین سەرچاوە.

٥- ئەگەری فێڵ و قۆپیەکردن کەمترە، بەراورد بە تاقیکردنەوەی بابەتی.

٦- کات و خەرجی و ماندوبونی کەمی پێویستە بۆ دانانی پرسیار.

٧- جیاوازیکردن لە نێوان خوێندکاری بیرمەند و ئەزبەرکردن بەبێ تێگەیشتن دەکات.

٨- ئازادی و دەرفەتی زیاتر دەدات بەخوێندکار بە سەربەستی بەبێ شڵەژان و بە ئارەزوی خۆی تێڕامان بکات بۆ شیکاری پرسیارەکە.

٩- ئەگەری خەملاندن و هەڕەمەکی کەمدەکاتەوە (Irvain &Willian,2003: 119).

- خاڵە لاوازەکانی تاقیکردنەوەی وتاری:

١- دانانی نمرە و هەڵەچنی لەم جۆرە پرسیارانەدا خودییە و پشت بە بڕیار و مەزاجی مامۆستا دەبەستێت، هەندێجار ڕۆڵی نێگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی هەڵەچنی و نمرەپێدان هەیە (ئەگەری هەیە مامۆستا لە پشکنین بابەتی نەبێت).

٢- هەندێکجار جواننوسی و ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەی وەڵامەکان بە وشەی جوان و سەرنجڕاکێش کاریگەرییان لەسەر مامۆستا و پرۆسەی هەڵەچنی هەیە، کە کاریگەری لە نمرەی خوێندکار دەبێت، کە ئەمە پەیوەندی بە ئامانجی تاقیکردنەوەکەوە نییە.

٣- لەبەرئەوەی لە تاقیکردنەوەی وتاری ناتوانرێت پرسیاری زۆر بهێنرێتەوە، کەواتە ناتوانرێت کۆی بابەتە خوێندراو یان هەمو هەڵبسەنگێندرێت (گشتگیری لەدەست دەدات).

٤- لەبەرئەوەی ناتوانرێت پرسیار زۆر بهێنرێتەوە هەندێجار بەخت و چانس و ڕێککەوت ڕۆڵدەبینێ و هەندێک خوێندکار هەندێ بابەت دەخوێنێتەوە ئەوانی پشتگوێ دەخات، مامۆستا زۆربەی پرسیارەکان لەو بەشە دەهێنێتەوە و خوێندکار نمرەی باش وەردەگرێت و بەپێچەوانەشەوە.

٥- تێچوی زۆری هەیە لەڕوی کات و خەرجی و توانا لە کاتی وەڵامدانەوەی خوێندکار.

٦- سەربەستی زۆر دەدات بە خوێندکار بە ئارەزوی خۆی بنوسێت لەبەرئەوەی هەندێکجار خوێندکاران لە وەڵامدانەوە زیادەڕۆی دەکەن.

٧- هەڵەچنی و خوێندنەوەی وەڵامەکان کات و ماندوبونی زۆری پێویستە، مامۆستا بێزاردەکات.

٨- بەڵگەیەکی تەواو نادات بەخوێندکار تا بزانێت چەند دەهێنێت (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٦٤-١٦٦).

- هەندێ پێشنیار بۆ باشترکردنی پرسیاری وتاری:

١- داڕشتنی پرسیارەکان ڕونبێت و یەک بیرۆکە و داواکاری لەخۆبگرێت.

٢- دەبێ ژمارەی پرسیارەکان گونجاوبێت لەگەڵ کاتی تەرخانکراو بۆ وەڵامدانەوە.

٣- باشتر وایە پێش تاقیکردنەوە قسە لەسەر جۆری پرسیار و چۆنیەتی وەڵامدانەوە بکەین لەگەڵ خوێندکاراندا.

٤- ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکرێت واتە پرسیاری (ئاسان و مام ناوەند و گران) تێدابێت (رزیقە، ٢٠١٨: ٦٥-٦٦)

٥- پێشوەخت نمرەی هەرپرسیارێک دیاریبکرێت.

٦- لە کاتی هەڵەچنی پێویستە هەر پرسیارێک لەسەرجەم وەرەقەکان (خوێندکاران) هەڵەچن بکەی دوای پرسیارێکی تر، ئەمە سودی هەیە بۆ مامۆستا بێتاقەت و بێزارنابێت، لەلایەنگیری دوریدەخاتەوە.

٧- پێویستە ڕیزبەندی وەرەقەکان دوای هەڵەچنی هەر پرسیارێک بگۆڕێ.

٨- وەڵامی نمونەیی ئامادەبکرێت و لە کاتی هەڵەچنین پشتی پێببەسترێت بۆ پێشهاتی هەر ئەگەرێک دەتوانرێت کەسێکی تر هەڵەچنی بکات (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٦٩-١٧٢).

## ب- تاقیکردنەوەی بابەتی

بریتین لەو جۆرە پرسیارانەی کە بەکەمترین دەربڕین و یان دەستەواژە وەڵامیان دەدرێتەوە، تایبەتمەندی و نیشانەی سەرەکی ئەم جۆرە پرسیارانە ئەوەیە کە بۆ هەر برگە و پرسیارێک چەند وەڵامێک هەیە، ئەرکی سەرشانی خوێندکار ئەوەیە وەڵامی دروست بنوسێت، ئەو جۆرەیە کە تیایدا خوێندکاران ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان وەڵام بنوسن، بەڵکو تەنها وەڵامی دیاریکراویان لێ داوادەکرێت. جۆرەکانی وەک: (ڕاست و هەڵە، بۆشایی، هەڵبژاردن، بەیەک گەیاندن، ڕیزبەندکردن) (درکی، 2017: 204) خاڵە بەهێزەکانی پرسیاری بابەتی:

١- دەتوانرێت گشتگیر بێت (لە هەمو بابەتەکان پرسیار بهێنرێتەوە).

٢- بابەتییە (لە وەڵامدانەوەی خوێندکار و هەڵەچنی مامۆستا).

٣- هەڵەچنی ئاسانە پێویستی بە کات و ماندوبون و تێچونی زۆر نییە.

٤- خوێندکار هاندەدات زۆر ورد بێت لەخوێندندا.

٥- خوێندکار زۆر ماندو هیلاک ناکات بۆ نوسین و وەڵامدانەوە پرسیارەکان.

٦- دەتوانرێت بە باشی نمرە بەسەر بڕگە و لقەکان دابەشبکرێت، بەجۆرێک لەگەڵ وەڵامەکاندا بگونجێت.

٧- لەم جۆرە پرسیارەدا وەڵامەکان ڕون و ئاشکران و دور لەتەمومژی و نادیاری.

٨- بوار بە خوێندکار نادات بەئارەزوی خۆی شت بنوسێت، واتە وەڵامەکان سنوردارن و دەبێت خوێندکار پابەندبێت و ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت.

٩- لەم جۆرە پرسیارانە پاکوخاوێنی و جواننوسی و ڕێکنوسی و ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەی وەڵامەکان، هیچ ڕۆڵێکیان لەسەر نمرەدانان و هەڵەچنی مامۆستا نییە.

١٠- لەم جۆرە پرسیارانەدا مەزاج و ئارەزوی مامۆستا ڕۆڵی نییە لە هەڵەچنی و خوێندکار مافی خۆی بەتەواوی وەردەگرێت.

١١- هەڵەچنی دەکرێت بە ئامێر بکرێت کە توانایەکی زۆر خێرایی هەیە (الصرايرة، 2011: ١٢).

- خاڵە لاوازەکانی پرسیاری بابەتی:

١- ئامادەکردنی گرانە و تێچوی زۆرە لەڕوی کات و توانا.

٢- لە توانای پرسیاری بابەتیدا نییە کە هەڵسەنگاندن بکات بۆ: (توانای ڕێکخستنی زانیاری خوێندکار بکات، توانای کورتکردنەوە و پوختەکردنی لای خوێندکار، پێشکەشکردنی لۆژیکی بابەتەکان).

٣- بەئاسانی دیاردەی غەشکردن و گواستنەوەی زانیاری تێدا ڕودەدات.

٤- ناتوانرێت خوێندکاری بیرمەند لە دەرخکارو توتی ئاسا جیابکرێتەوە.

٥- ئامادەکردنی پێویستی بە مامۆستایەکی بەتوانا و ڕاهێنراو هەیە.

٦- بیرکردنەوەی خوێندکار بەهێزناکات و لە چوارچێوەیەک دەیهێڵێتەوە (سلیمە، ٢٠١٦: ٣٨).

- چەند پێشنیارێک بۆ باشترکردنی پرسیاری بابەتی:

١- وەڵامەکان دیارییبکرێن بۆ ئەوەی هەر پرسیارێک دو وەڵام هەڵنەگرێت.

٢- شێوازی وەڵامدانەوە بە هەر هێمایەک بێت دیارییبکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە هیچ ئاماژەیەکیتر نەدرێت وەک هێمایی ڕاست و هەڵە یان نوسینی.

٣- نمونەی وەڵامدانەوە پیشانبدرێت یاخود ڕونبکرێتەوە بۆ ئەوەی هیچ دودڵییەک نەهێڵێت بۆ چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان.

٤- ڕێگەنەدرێت نوسینی زۆر هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی خوێندکاران، بۆ ئەوەی مامۆستا نەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری خۆشنوسی و ڕێکخستنی وەڵام و دەربڕینی بەهێز(عزیز، ٢٠١٩: ١٨٣).

٥- ئەنجامدانی لە هۆڵی گەورە و فراوانی شوێنی تاقیکرنەوە، هەر خوێندکارێک مەترێک چوارگۆشە دوربێت لەیەکێکی تر.

٦- داڕشتنی پرسیارەکە هاندەربێت بۆ بیرکردنەوەی خوێندکار.

٧- هەندێجار دەتوانین خوێندکاران بکەین بەدو گروپەوە (أ، ب).

٨- بەکارهێنانی یاسای هەڵە نمرەی ڕاست دەبات بۆ کەمکردنەوەی خەمڵاندن و ڕێکەوت و چانس.

٩- پێش ئەنجامدانی ڕونکردنەوە بدرێت بەخوێندکاران.

١٠- لە ڕاست و هەڵە داوابکرێت هەڵەکان ڕاستبکرێنەوە (قادر، ٢٠١٨: 220-240).

## بەدەستهاتی خوێندن

بریتییە لە وەرگرتنی کۆمەڵێک لێهاتویی و شارەزایی و زانیاری کە خوێندکار دەتوانێت هەیبێت دوای ئەوەی لە بابەتێک یان کۆمەڵێک بابەتی تایبەتدا ئەزمونیان دەکات بەشێوەی پەروەردەیی، یاخود بەمانایی توانایی وەرگرتنی خوێندکار دێت لە وەرگرتنی بابەتێکی خوێندن و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەی (البدانە، ٢٠١٥: ٤٢٠)

## ئامانجی بەدەستهاتی خوێندن

چەمکی دەستکەوتی ئەکادیمی بەواتایی پێوانەکردنی توانای خوێندکارە بۆ وەرگرتنی بابەتە دیاریکراوەکان و توانای خوێندکار بۆ جێبەجێکردنیان، لەڕێگەی پێوانەکردن کە لەلایەن قوتابخانەوە ئەنجام دەدرێت بەشێوەی تاقیکردنەوەی کرداری و زارەکی و نوسراو، بە دەستهاتی خوێندکار کۆمەڵێک ئامانجی هەیە لەوانە:

- بڕیاردان لەسەر ئەنجامی خوێندکار بۆ گواستنەوەی لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر.
- زانینی توانا تایبەتەکانی خوێندکار.
- دڵنیابونەوە لە وەرگرتنی لێهاتوییەکی دیاریکراو بەپێی ئامانجە پەروەردەییەکان.
- گەشەپێدانی توانا تایبەتەکانی خوێندکاران(خولة،٢٠١٥: ٤٦-٤٧).

## ئەو هۆیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر بە دەستهاتی خوێندن

بەردەوام پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەرونزانی گرینگیان داوە بەزانینی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی بەدەستهاتی خوێندنی خوێندکاران، ئەم گرنگیدانە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەرخستنی ئەم هۆکارانە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی توانای فێربون و پاڵپشتی کردنیان و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگە، ئەم هۆکارانە بەپێی چەند تەوەرێک دابەشکراون، بەم شێوەی خوارەوە:

– هۆکارەکانی پەیوەست بە خوێندکار: بۆ دیاریکردنی ئاستی بەدەستهاتی خوێندکار هەندێک هۆکار پەیوەستە بە تایبەتمەندی کەسی فێربو کە خوێندکارە وەکو (هۆکاری ژیری، دەرونی "پاڵنەری فێربون، جەکی خود، باوەڕبون بە خود"، هۆکاری جەستەیی.

– هۆکارەکانی پەیوەست بە دەوروبەی خوێندکار: بریتین لەو هۆکارە ژینگەیانەی کە کاردەکەنە سەر خوێندکار وەکو (خێزان و قوتابخانە و هاوڕێیان) (قوارح، ٢٠١٢: ٩٨–١٠٤).

## لایەنە مەیدانییەکانی توێژینەوە

ئەم بەشە باس لە ڕێبازی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژینەوە لەگەڵ ئامرازی پێوانەی توێژینەوە دەکات پاشان جێبەجێکردنی.

**ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشت بەستراوە بە ڕێبازی نیمچە ئەزمونی: یەکێکە لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە بوارەکانی پەروەردە و دەرونزانی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی مەست لە توێژینەوە دەرخستنی هۆکاری ڕودانی حاڵەتێکی دیاریکراوە، بەو ئامانجەی دیارییان بکات و لایەنەکانی بدۆزێتەوە.

**کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢–٢٠٢٣)، ژمارەیان (١٣٨٩) خوێندکارە لە خشتەی ١ ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١) نمونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە

| بەش / قۆناغ | یەکەم | دوەم | سێیەم | چوارەم | گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردی | ٦٤ | ٦٥ | ٠ | ٢ | ١٣١ |
| عەرەبی | ٣٨ | ٥٢ | ٠ | ١٥ | ١٠٥ |
| ئینگلیزی | ١٠٥ | ٧٢ | ٨١ | ٦٩ | ٣٢٧ |
| بیرکاری | ٢٩ | ٤٢ | ٩٠ | ١٢٠ | ٢٨١ |
| کۆمپیوتەر | ٥٠ | ٤٦ | ٥٨ | ٨٠ | ٢٣٤ |
| باخچەی منداڵان | ٩٤ | ٦٦ | ١٠٠ | ٥١ | ٣١١ |
| گشتی | | | | | ١٣٨٩ |

**٣-٣ نمونەی توێژینەوە:** نمونەی توێژینەوە لەسادەترین پێناسەیدا بریتییە لەبەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە تایبەتمەندیەکی هاوبەشیان تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (بۆکانی، 2016: 126)، نمونەی

توێژینەوەکە بریتیبو لە (٤٠) خوێندکار لە قۆناغی سێیەمی بەشی ئینگلیزی و بیرکاری لە ڕوی تەمەن و ڕەگەز و شوێنی مانەوە و پسپۆری و ئاستی بەدەستهێنان و هاوسەنگکران، کە توێژەر بەشێوازی مەبەستدار هەڵبژاردبون، بۆ پێکهێنانی دو گروپی ئەزمونی کە هەر گروپێکیان لە(٢٠) خوێندکار پێکهاتبو، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی ژمارە (٢) نمونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە

| هاوسەنگکردنی گۆڕاو | | تایبەتمەندی |
|---|---|---|
| بەشی بیرکاری | ڕەگەز | ١٠ کوڕ و ١٠ کچ |
| | شوێنی مانەوە | لە کوڕان ٥ بەشە ناوخۆی ٥ ماڵەوە<br>لە کچان ٥ بەشە ناوخۆی ٥ ماڵەوە |
| | تەمەن | ناوەندی تەمەنی هەر ٢٠ خوێندکارەکە (٢١ بۆ ٢٢) ساڵ |
| | ئاستی بەدەستهێنان | کۆنمرەی قۆناغی دویان لە نێوان (٦٠ بۆ ٧٠) |
| بەشی ئینگلیزی | ڕەگەز | ١٠ کوڕ و ١٠ کچ |
| | شوێنی مانەوە | لە کوڕان ٥ بەشە ناوخۆی ٥ ماڵەوە<br>لە کچان ٥ بەشە ناوخۆی ٥ ماڵەوە |
| | تەمەن | ناوەندی تەمەنی هەر ٢٠ خوێندکارەکە (٢١ بۆ ٢٢) ساڵ |
| | ئاستی بەدەستهێنان | کۆنمرەی قۆناغی دویان لە نێوان (٦٠ بۆ ٧٠) |
| کۆی گشتی | | ٤٠ خوێندکار |

**٣-٤ ئامرازی توێژینەوە:** بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (دو پرسیاری تاقیکردنەوە) لە چوارچێوەی بابەتی پێوانە و هەڵسەنگاندن کە لە قۆناغی سێیەمی سەرجەم بەشەکانی کۆلێژی پەروەردی بنەڕەت دەخوێندرێت، توێژەر خۆی مامۆستای بابەتەکەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دو پرسیاری ئامادەکرد بەشێوەیەک هەر پرسیارێک لەسەر (٢٠) نمرە بو. پرسیاری یەکەمیان لە سێ پرسیاری وتاری پێکهاتوە و پرسیاری دوەم بە هەمان شێوە لە سێ پرسیاری بابەتی پێکهاتوە و هەردو جۆری پرسیارەکە بڕگەکانیان لە ئامانجە زانەکییەکانیان ئاستی یەکەم و دوەمە بەپێی هەرمی بلوم بۆ ئامانجە زانەکییەکان، دوای داڕشتنی هەردو پرسیارەکە تایبەتمەندییە دەرونییەکانی پێوەرێیان بۆ دەرهێنرا (ڕاستگۆ و جێگیری).

**أ- ڕاستگۆیی:** بۆ مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی پشت بەستراوە بە ڕاستگۆی ڕواڵەت: مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا تا چەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەم مەبەستانەش پێوەرەکە خرایە بەردەم چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزا لە بواری پەروەردە و دەرونزانیکە ژمارەیان (٥) پسپۆرە، دوای وەرگرتنەوەی هەردو پرسیار، سەرجەم بڕگەکانی ناو هەردو پرسیارەکە ڕێژەی ڕاستگۆی سەروی (٨٠٪) بو کە ئەمەش بەپێی سەرچاوەکان زانستیەکان ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ ڕاستگۆیی، هەروەها پشتبەست بە تێبینی و ڕای پسپۆڕان هەندێک گۆڕانکاری زمانەوانی کرا.

**ب- جێگیری:** یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئامرازی توێژینەوە پێویستە پێش ئەوەی ئامرازەکە جێبەجێبکرێت دڵنیابین لە بونی جێگیری، گرنگی جێگیری ئامڕازی توێژینەوە لەوەدایە کە هەرکات بەکارمانهێنا ئەنجامی نزیک لە یەکتری پێداین ئەو ئامرازەی جێگیرە و ئەگەر هەر جارەو ئەنجامێکمان بداتێ ناکرێت پشتی پێ ببەستین و بڕوا بە ئەنجامەکانی بکەین بە ناجێگیر دادەنرێت، گومان لەسەر توێژینەوەکەمان دروست دەکات بۆیە جێگیری بەو مانایە دێت کە ئامرازەکەمان چەندجار لەگەڵ هەمان گروپ و لە هەمان هەلومەرجدا جێبەجێبکرێت هەمان یان ئەنجامی نزیکمان بداتێ (محمد، ٢٠٢٠: ٥٥).

بۆ گەیشتن بە جێگیری، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکەی بەسەر نمونەیەک لە خوێندکاران لە کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بریتین لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمپیوتەر، دواتر و پاش تێپەڕبونی (١٨) ڕۆژ توێژەر هەستا بە دوبارە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەکە بە هەمان شێواز و بەسەر هەمان نمونەدا، پاشان لە ڕێگەی ئامارییەوە هاوکۆلکەی پەیوەستی (پێرسۆن) لە نێوان ئەنجامی هەردو تاقیکردنەوەکەدا دەرهێنرا، کە بەهاکەی (٨٤.٣٪) بو بۆ پرسیاری وتارییەکە و (٨٧٪) بۆ پرسیاری بابەتیەکە پاشکۆیی (١)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیری تاقیکردنەوەکان.

### ٣-٥ هەنگاوەکانی ئەنجامدانی

به ئامانجی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی ئامادەکراوەکان، دوای جێبەجێکردنی سەرجەم هەنگاوەکانی هەوسەنگردنی دو کۆمەڵەی ئەزمونیی هاوسەنگ بە مەبەستی دەرخستنی کاریگەری دو گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر دو نمونەی تاڕادەیەک هەوسەنگ کراو، کە یەک پرۆگرامی خوێندنیان خوێندن لە یەک پۆل و ژینگە، دواتر دوای خوێندنی ٧ هەفتە لە یەک هۆڵی تاقیکردنەوە لە یەک کاتدا هەردو گروپ لە ماوەی ٤٥ خولەک وەڵامی ئەو تاقیکردنەوەیان دایەوە کە توێژەر بۆی ئامادەکردبون.

### ٣-٦ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان

بەمەبەستی شیکاری و چارەسەرکردنی ئاماریی بۆ زانیارییە کۆکراوەکان، توێژەر پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەکارهێنا لە شیکردنەوەی داتاکاندا، هەروەها هاوکێشە ئامارییە بەکارهاتوەکان بریتیبون لە

تاقیکردنەوەی (T_ Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دیاریکردنی جیاوازی نێوان گروپەکان و جیاوازی نێوان گۆڕاوی نێر و مێ، و هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن بۆ جێگیری پێوەری بەکارهاتو.

## خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان:

بە مەبەستی شیکردنەوە و ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئامانجەکان دوای داخڵکردنی داتاکان توێژەر هەستا بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی یەک بەیەکی ئەو ئامانجانەی کە لە قۆناغی یەکەمدا هاتبون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: زانینی کاریگەری جۆری تاقیکردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بە دەستهاتی خوێندکار لەلای خوێندکارانی زانکۆ.

بە مەبەستی زانینی کاریگەری جۆری پرسیار (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) توێژەر هەستا بەشیکردنەوەی داتای (٤٠) خوێندکار کە تاقیکردنەوەیان ئەنجامدابو، پاشان هەریەک لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردو جۆری پرسیار دەرهێنران، بۆ بڕگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی پرسیاری بابەتی ناوەندی ژمێرەی خوێندکاران (١٢.٧٥) بەلادانی پێوەری (٣.٢٥٦) و بۆ بڕگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی پرسیاری وتاری ناوەندی ژمێرەی خوێندکاران (١٣.٧) بەلادانی پێوەری (٣.١٩٦) بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی وەڵامدانەوەی جۆری تاقیکردنەوەی پرسیاری وتاری بەرزترە لە جۆری تاقیکردنەوەی پرسیاری بابەتی، بە بەکارهێنانی (T.TEST) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دەرهێنانی بەڵگەداری ئاماری بۆمان دەردەکەوێت بەهای (T.TEST) دەکاتە (1.٦٠٠) بەپێی (P.Value) کە لە (SPSS) هاتوە بەڵگەداری ئاماری نییە، واتە جیاوازی ئاماری لە ئاستی بە دەستهاتی خوێندکاران نییە بەپێی جیاوازی جۆری تاقیکردنەوەی پرسیاری وتاری و پرسیاری بابەتی، لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٣) کاریگەری جۆری تاقیکردنەوەی (پرسیاری وتاری و پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکار

| جۆری تاقیکردنەوە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەر | T.Test | بەڵگەداری ئاماری P.Value |
|---|---|---|---|---|---|
| وتاری | ٢٠ | ١٣.٧ | ٣.٢٥٦ | ١.٦٠٠ | ٠.١١٨ |
| بابەتی | ٢٠ | ١٢.٧٥ | ٣.١٩٦ | | |

بە بۆچونی توێژەر دەرنەکەوتنی جیاوازی نێوان دو جۆری پرسیاری دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پرسیارەکان لەبەرئەوەی توێژینەوەکە بەشێوەی ئەزمونی ئەنجامدراوە، لە پێناو هاوسەنگی گروپەکان ئاستی پرسیارەکان

لە ئاستی یەكەم و دوەمی ئامانجە زانەكییەكانی هەرەمی بلۆم بون، ئەمەش وایكرد كە ئەنجامی نێوان گروپەكان جیاوازی نەبێت، كەواتە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات، ئەو جیاوازیەیی زۆرجار جۆری پرسیار دروستی دەكان، سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن پرسیاری وتاری ئاستی بە دەستهاتی خوێندكار لەڕوی نمرەوە كەمتر دەردەخات و پرسیاری بابەتی دەرفەتی هێنانی نمرەی زیاترە بەشێكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە پرسیاری بابەتی ناتوانین ئاستەكانی ئامانجە زانەكییەكان بەپێی هەرەمی بلۆم بەرزتر بكەینەوە، دەبێتە هۆی هێنانی نمرەی بەرز.

دوەم: زانینی جیاوازی كاریگەری جۆری تاقیكردنەوە (پرسیاری وتاری، پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بە دەستهاتی خوێندكار لەلای خوێندكارانی زانكۆ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بە مەبەستی دەرهێنانی ئامانجی دوەم بۆ هەر گۆڕاوێك لە هەر جۆرێكی تاقیكردنەوە بەجیا دەرهێنرا.

١- بۆ زانینی جیاوازی كاریگەری جۆری تاقیكردنەوە (پرسیاری وتاری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز: بە مەبەستی بە دەستهاتی ئەم ئامانجە هەستاین بە بەراوردكردنی ناوەندی ژمێرەی كوران و كچان، بەم شێوەی خوارەوە بو، ژمارەی كوڕانی بەشداربو بریتیبون لە (١٠) كوڕ، ناوەندی ژمێرەیان (١٣.٩) بە لادانی پێوەری (٣.٢٧٥) و ژمارەی كچان (١٠) كچ، كە ناوەندی ژمێرەیان (١٣.٥) بەلادانی پێوەری (٣.١٨٧) بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت ناوەندی ژمێرەیی كوڕان بەرزترە بەراورد بە كچان، بە بەكارهێنانی (T.TEST) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دەرهێنانی بەڵگەداری ئاماری بۆمان دەردەكەوێت بەهای (T.TEST) دەكاتە (٠.٣٩١) كە ئەمەش بەڵگەداری ئاماری نییە، واتە جیاوازی ئاماری لە نێوانیاندا نییە، لە خشتەی خوارەوە ڕونكراوەتەوە.

خشتەی(٤) جیاوازی كاریگەری جۆری تاقیكردنەوەی (پرسیاری وتاری) لەسەر ئاستی بەدەستێهنانی خوێندكار بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەر | T.Test | بەڵگەداری ئاماریP.Value |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٠ | ١٣.٩ | ٣.٢٧٥ | ٠.٣٩١ | ٠.٦٩ |
| مێ | ١٠ | ١٣.٥ | ٣.١٨٧ | | |

ب- بۆ زانینی جیاوازی كاریگەری جۆری تاقیكردنەوە (پرسیاری بابەتی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز: بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە هەستاین بە بەراوردكردنی ناوەندی ژمێرەی كوڕان و كچان، بەم شێوەی خوارەوە بو، ژمارەی كوڕانی بەشداربو بریتیبون لە (١٠) كوڕ، ناوەندی ژمێرەیان (١٢.٢) بە لادانی پێوەری (٢.٩٦٦) و ژمارەی كچان (١٠) كچ، كە ناوەندی ژمێرەیان (١٣.٣) بەلادانی پێوەری (٣.٥١) بەم شێوەیە بۆمان

دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی کچان بەرزترە بەراورد بە کوڕان، بە بەکارهێنانی (T.TEST) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ بە مەبەستی دەرهێنانی بەڵگەداری ئاماری بۆمان دەردەکەوێت بەهای (T.TEST) دەکاتە (١.٠٧) کە ئەمەش بەڵگەداری ئاماری نییە، واتە جیاوازی ئاماری لە نێوانیاندا نییە، لە خشتەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.

خشتەی(٥) جیاوازی کاریگەری جۆری تاقیکردنەوەی (پرسیاری بابەتی) لەسەر ئاستی بەدەستێهنانی خوێندکار بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| گۆڕاو | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەر | T.Test | بەڵگەداری ئاماری P.Value |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٠ | ١٢.٢ | ٢.٩٦٦ | ١.٠٧ | ٠.٢٩ |
| مێ | ١٠ | ١٣.٣ | ٣.٥١ | | |

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- جۆری پرسیار (وتاری و بابەتی) کاریگەری ناکاتە سەر ئاستی بەدەستهاتی خوێندکار لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

٢- ڕەگەزی خوێندکار (نێر یان مێ) بێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کاریگەری نابێت لەسەر جیاوازی لە ئاستی بەدەستهاتی خوێندکاران لە هەردو جۆری پرسیاری (بابەتی و وتاری).

## ڕاسپاردە

١- بەکارهێنانی هەردو شێوازی وتاری و بابەتی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن.

٢- وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کار لەسەر ڕاهێنانی مامۆستایان بکەن لەسەر چۆنیەتی نوسینی پرسیاری وتاری و بابەتی گرنگی بەکارهێنانی هەردو شێوازەکە بە هاوسەنگی.

## پێشنیار

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر نمونەی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ژینگەی تاقیکردنەوە پەیوەندی بە ئاستی بەدەستهێنان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک جۆری پرسیار (وتاری، بابەتی) و جۆری بابەت پەیوەندی بە ئاستی بەدەستهێنان لە لای خوێندکارانی زانکۆ.

# The Effect of The Type of Testing (Essay Question, Objective Question) On the Student Achievement Among University Students

Hazhar Qadir Ibrahim

Kindergarten Department, Collage Basic of Education, University of Raparin, Ranya-sulaimanya-Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The purpose of this study was to examine how essay question and objective question test formats impact student achievement among university students. A semi-experimental approach was employed, with the study population consisting of students from the College of Basic Education at the University of Raparin. A purposive sample of 40 students was selected, and the tool used for testing included essay questions and objective questions in the subject of measurement and evaluation in the third stage. The results of the study indicated that there was no significant difference in student achievement based on the type of test, whether it was an essay question or objective question. Furthermore, no significant differences were found based on the variables studied. Based on these results, several recommendations and suggestions were presented.

**key word**: Effect, Essay Question, Objective Question, Achievement Test.

## سەرچاوەكان

احمد، سامان حسین و ئەونیتر (٢٠٢٢) هەڵسەنگاندنی پرسیارەكانی تاقیكردنەوەی بابەتی مێژو بۆ پۆلی دوانزەی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنی بلۆم لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەكەوە، گۆڤاری زانكۆ گەرمیان، ٩(٤).

قادر، ڕەمەزان حمدامین (٢٠١٨) پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، چاپی یەكەم، كتێبخانەی سۆفیا، كۆیە.

قەرەچەتانی، كریم شریف (٢٠١٨) پێوانە و هەڵسەنگاندن (لە بواری پەروەردە و دەرونزانی)، چاپخانەی زبانی صالح-ئیران.

عزیز، كریم احمد (٢٠١٩) پرۆگرامی پەروەردەیی دەروازەیەک بۆ ناسینی پرۆگرام و شیكردنەوەی كتێب، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

البداينة، نهى خليل متروك (2015) أدوات القياس المفضلة وعلاقتها بالتحصيل الدراسي لدى طلبة الصفوف الأولى من وجهة نظر المعلمين في محافظة معان، مجلة كلية التربية، جامعة الازهر، عدد 164، ج 3، 2015.

خولة، عناب (٢٠١٥) اساليب التقويم التربوى و علاقتها بالتحصيل الدراسى لدى تلاميذ المرحله الابتدائيه من وجهه نظر الاساتذه"دراسه ميدانيه بالمدارس الابتدائيه لمدينه عين فكرون" رسالە ماجستير غير منشوره، قسم العلوم الاجتماعيه و الانسانيه، جامعه العرب بن مهيدى- آم البواقى.

دركى، ايمان (2017) القياس و التقويم و دوره فى العملية التربوية، مجلة السراج فى التربية و قضايا المجتمع، عدد1، مارس 2017.

رزيقه، بالولى (٢٠١٨) مامستوى توظيف اساتذه الجامعة الاليات التقويم المستمر من وجهة نظر طلبة علوم التربية" دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة محمد خيضر -بسكرة-" رسالة ماجستير غير منشورة، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خيضر - بسكرة، الجمهورية الجزائرية الديمقراتية الشعبية.

الرمامنة، عصرى على و الاخرون (2017) أثر استخدام الاختبارات القصيرة المتكررة فى التحصيل طلبة الصف السادس الأساسى فى مبحث الرياضيات، مجلة دراسات العلوم التربوى، مجلد 44، عدد4ز

الزعانين، رائد حسين عبدالكريم (2007) فاعلية وحدة محسوبة فى العلوم على تنمية التحصيل الدراسى لدى تلاميذ الصف التاسع الأساسى بفلسطين و اتجاهاتهم نحو التعليم المحسوب، رساله ماجستير غيرمنشورة، قسم المناهج و طرق التدريس، كلية التربية، المشترك بين جامعتى عين شمس- الأقصى.

سلمة، حمدى (2016) مستوى كفاءة معلمى المرحلة الابتدائية فى بناء الاختبارات التحصيلية (دراسة ميدانية بمقاطعة عشعاشة- ولاية مستغانم) رسالة ماجستير غير منشورة، قسم علم النفس، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، جامعة عبدالحميد بن باديس- مستعانم.

شاهين، محمد عبدالفتاح (2014) أثر الاختبارات التكوينية المتتابعة فى مبحث العلوم العامة للصف التاسع الأساسى على التحصيل الدراسى و دافعية الإنجاز و الممارسات التأملية، مجلة جامعة الأقصى (سلسلة العلوم الإنسانية) م 18، عدد1.

الصرايره، آيات جعفر (٢٠١١) دراسة تحليلية لأنماط أسئلة الاختبار التحصيلية لدى معلمى التربية الاجتماعية والوطنية للصفوف الرابع و الخامس الأساسيين فى لواء المزار الجنوبى، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم المناهج و التدريس، جامعة مؤتة.

العرنوسى، ضياء عويد حربى و الحسناوى، دعاء عباس عبدالكاظم (2019) أثر استراتيجيتى التقويم البنائى و التقويم البديل فى تحصيل طالبات المرحله الإعدادية فى مادة قواعد اللغة العربية، journal of Babylon center for humanities 2019 V:9, Issue: 2

عمس، مصطفى نمر (2008) استراتيجيات التقويم التربوى الحديث و أدواته، عمان، غيداء للنشر والتوزيع.

قوارح، محمد (2012) المعرفة المسبقة بأساليب التقويم التربوى و علاقتها بالتحصيل الدراسى لدى عينة من الطلبة الجامعيين" دراسة ميدانية ببعض جامعات الجنوب الجزائرى" أطروحة الدكتوراه غير منشورة، قسم علم النفس و علوم التربية و الارطوفونيا، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة الجزائر2.

مراد، صلاح احمد و سليمان، امين على محمد (٢٠٢٠) الاختبارات و المقاييس فى العلوم النفسية ص التربوية"خطوات اعدادها و خصائيصها"، دار الكتاب الحديث، قاهيرة، مصر.

- Irvin, J. Lehmmn & William A. Mehrens (2003) القياس و التقويم فى التربية و علم النفس، دار الكتاب الجامعى، العين، الامارات العربية المتحده، ترجمة (هيثم كامل الزبيدى ص ماهر ابو هلالة).
- Joshua, Monday T. et al. (2017) Use of Student Achievement Scores as Basis for Assessing Teachers' Instructional Effectiveness: Issues and Research Results,journal of human ecology, V 22, Issue 2.
- Shirvani, hosin (2009) Examining an assessment strategy on high school mathematics achievement. daily quizzes Vs. weekly tests. American Secondary Education, 38(1).